دەزگای هەواڵگری دەستگیرکردنی تەمەتبارێکی ڕاگەیاند کە پەرستارێکی لە بەغدا کوشت

دەزگای هەواڵگری سەر بە وەزارەتی ناوخۆی عێراق، ڕۆژی هەینی دەستگیرکردنی تەمەتبارێکی ڕاگەیاند کە پەرستارێکی لە بەغدا کوشت.

وەزارەت لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند، "لەژێر سەرپەرشتی وەزیری ناوخۆ عەبدولئەمیر ئەلشمەری، هێزەکانی دەزگای هەواڵگری زانیارییان پێگەیشت سەبارەت بە تیرۆر کردنی هاوڵاتییەک کە وەک یاریدەدەری پزیشک لە یەکێک لە دەرمانخانەکانی شاری بەغدا کاردەکات بەهۆی ڕووداوی تەقەکردنەوەیەک کە بووە هۆی گیان لەدەستدانی"، ئاماژە بەوەشکرا، "تیمێکی هەواڵگری تەکنیکی لەگەڵ هێزێکی تایبەت و بە هاوبەشی لەگەڵ پۆلیسی فیدراڵی پێکهێنران و لە ماوەی سێ کاتژمێردا هێزەکانی دەزگای هەواڵگری توانیان بکوژێکە دەستگیربکەن و دەستبگرن بە چەکەکە و هەموو ئەو کەرەستانەی کە پێیوەندیان بە تاوانەکە هەبووە"، ڕونیشیکراوە، "دوای لێکۆڵینەوە لەگەڵ بکوژەکە، دانی بەوەدا نا کە تەقەی لە پەرستارەکەی ناو دەرمانخانەیەک کردووە لە کاتی کارکردن لە کارەکەیدا"، هەروەها لە ڕۆگەی لێکۆڵینەوەکانەوە دەرکەوتووە کە ناکۆکییەکی خێزانی هەیە و بکوژەکە لە ئێستادا ڕەوانەی دەسەڵاتدارانی پێیوەندیدار کراوە.